# باریکەڕێی مانگەشەو

ن: عەلی ئەشرەف دەروێشیان
و: ڕەسووڵ سوڵتانی (بۆکان)

ئەوەی کە گەنج بوو منداڵێکیشی لە باوەشدابوو، بەتەکانێک، سەری منداڵەکەی کە بەسینگیدا شۆڕببۆوە، خستەوە سەرشانی. منداڵەکە دەستە بێ هێزەکەی خستە ئەستۆی باوکی و بەهێمنی ناڵاندی، ئەوەی کە پیربوو، مانگەکەی سەر ڕێچکەکەی شێلا:

- «ماندووبووی؟»

گەنجەکە گوتی: «بەچی؟»

«بە لە باوەشکردنی منداڵەکە»

«نا. ماندوونەبووم، لە هیچ شتێ ماندوو نەبووم.»

- «دەزانم.»

پیرەپیاوەکە کۆکی. وەکو کەسێکی لەنێو گریاندا بکۆخێ:

«بۆ زووتر ئەو منداڵەت نەهێنا شار؟»

«بۆ خۆت باشتر دەزانی بۆ».

«ئەرێ باش دەزانم، بەڵام ئەو دەربەدەرییەی تۆ کەی کۆتایی دێ؟».

«هیچ کات.»

«ئێستا دەتهەوێ بەو منداڵە بەستەزمانەوە چ بکەی؟ ئەوە ڕەش هەڵدەگەڕێ»

«نازانم بابە، تۆ وەشوێنم کەوتووی و دیارە باشتر دەزانی چ بکەین»

«ئاوا..! کەوایە من باشتر دەزانم.. ها!»

- «ئەرێ».

پیاوەپیرەکە بەتەوسەوە:

«خۆتت کە چارەڕەش کرد هیچ، ژن و منداڵەکەشت لە ساجی عەلی دانا.»

«هەمیشە لایەک دەبیاتەوەو لایەک دۆڕاوە»

«تۆش دۆڕاندت، ئەویش چ دۆڕاندنێک»

«ئەوانە هەموو ئەزموونن»

«ئەزموون! لێقەوماو تۆ تەنانەت لە شێوەی ژیان ناگەی»

سێبەری ماتی دوو پیاو لەسەر وردکە بەردەکان دەخشکاو جاروبارە تێکەڵ دەبوون.»

ڕووخساری مانگ بەبلێسەیەکی کزەوە، لەپشت

لقەکانی دارستانی توو، دەچڕژا. گەنجەکە سەری منداڵەکەی لەسەر باسکی دانا: «ئەوێ ڕۆژانت وەبیردێ بابە.»

«مەبەست.»

«کە لە ماڵێدا دەنگت هەڵنەدێناو وێردی زمانت وشەی خۆپاراستن بوو»

«تۆش قسەی منت لە گوێ نەگرت و حەوت ساڵ ون بووی»

«قەتیش نەهاتیە سەردانم»

«چاوەڕێ بووی بێم؟»

«گەنجەکە منداڵەکەی خستە سەر ئەو لاشانەی»

- «ئەم شەو بۆ هاتیە شوێنم؟»

«خەبەریان هێنا کە منداڵەکەت ناساغە. سوارییەکەم لەسەر جادە بەجێهێشت و

«ئەو ڕێیەم بەپێیان بڕی»

«چۆنت دۆزیەوە؟»

- «خەبەرم لێت هەبوو.»

«ئەی بۆ... ؟»

«بێدەنگ بە.نەفام. من بەس لەبەر ئەو منداڵە بەستەزمانەبوو هاتم.»

پیاوە پیرە لە تریفەی مانگەشەودا لە ڕوخساری ڕەش هەڵگەڕاوو وێکهاتووی منداڵەکەی ڕوانی

کە بەحاستەم هەناسەی دەهات، بەڵام خێرا ڕووی وەرگێڕاو بەسەر هێڵی مارپێچی ڕێچکەکەدا

کە لە تاریکیدا ون دەبوو. دۆش داما: دوو منداڵ و ژنێکی لێقەوماوت هێناوەتە ئەو گوندە نێوی دەنێی چی؟»

- نانیان بۆ پەیدا دەکەم»

«لەو گوندە وشک و وێرانەدا کوا کار؟»

- «سەوەتەو زەنبیل دروستدەکەم»

- «ئەی بووکەکەم»

- «دەچێتە مافوور چنین.»

- «بەدەستی خۆت خۆڵت وەسەرە خۆت کرد.»

«بەدەستی خۆمان نا.»

«ئەی بەدەستی کێ؟»

«واباشە لێی گەڕێین»

«لاسار.»

«بابە، مرۆڤ بۆ دەژی؟»

«بۆ قسەی قۆڕ»

«باشە، ئێوە بڵێن قسەی قۆڕ، بەڵام ئەو قسانە بۆ من و بووکەکەت هێشتا بایەخی خۆیان هەیە»

«هێشتا درەنگ نەبووە، وەرە پێکەوە بچین، بەسەر ئەو دوکانانە ڕابگە»

نا، هەزارجار، نا».

پیاوە پیرە تفی لەو وردکە بەردانە کرد کە تریفەی مانگیان ڕژابووە سەرو پیشی خواردەوە».

«ئەو منداڵە لێقەوماوانەت».

«بۆ هێندە دڵپڕی بابە؟»

«پیاوەکە بێ گوێگرتن لەو پرسیارە گوتی: «دنیا بۆ تۆ بەرتەسک و بچووکە، وەک کونەدەرزی»

«بۆ تۆش بەرین و ئاوەڵایە بەقەد تەواوی دەروازەکانی جیهان»

«بۆ نەبێ؟»

«ئەرێ، بۆ نەبێ، ئێوە لە لوتکەی سەرکەوتندان و من لە ناخی تێکشکاندا»

لە تەپۆڵکەکە ئاوەژووبوونەوە. تریفەی مانگەشەو وەک تۆز لەسەرو چاویان نیشتبوو.

هەنگاوی بەرزیان هەڵدێناوەو زایەڵەی دەنگیان دوور دەڕۆیی. جاروبار لە پڕدا بێ دەنگ دەبوون و دیسان دەستیان پێ دەکردەوە. منداڵەکە، ناسک و بەژان، سەری لەسەر شانی باوکی و ئیتر نەیدەناڵاند. لرخەلرخێکی سەیری لەگەروویەوە دەبیسترا. پیاوە گەنجە سەری منداڵەکەی لەسەر شانی داناو لێدانی شەویلکەی لەسەر ملی خۆی هەستپێکرد. چاوێکی لە ڕووخساری ئەم کرد. منداڵەکە زۆر توند لرخەی دەهات. ئێستی مانگ خڕببوو بەبڵێسەیەکی نارنجی دەسووتا. پیاوە پیرە لە مانگی ڕوانی: «مانگ سوورە، خوێن دەڕێژرێ..»

«ئەرێ دەڕژێ»

«تۆ لە چارەڕەشی و ئابڕووبەرەیی زیاتر چیت بۆمان نەبووە»

«دەتویست چیم بۆتان بێ؟»

«پلەوپایەی باش، ژیانێکی هێمن بۆ خۆت و ژن و منداڵت، هەر ئەوە»

پیاوە پیرە لە بەردێک هەڵئەنگووت، هات بکەوێ. کوڕە گەنجەکە قۆڵی گرت و نەیهێشت. بەڵام پیاوە پیرە مستێکی لە سینگی گەنجەکە کوتاو بەمنداڵەوە درێژی کرد. منداڵەکە ناڵاندی و گریا، گەنجەکە رقی خۆی خواردەوەو دەستی بەسەرو چاوی منداڵەکەدا هێنا. پیاوە پیرەکە دوو سێ هەنگاو شەلیی و لەسەری رۆیشت: «دایکە لێقەوماوەکەت. ئەوەندە گریاوە ئەوە کوێر دەبێ»

– «بێ بەزەیی، دڵرەق»

– «لە تۆ فێربووم»

«من هیچ کات بێ بەزەیی نەبووم»

«تۆ بۆچی هەی»

«ئەگەر بێ بەزەیی بوایەم لەو شەوەدا نەدەهاتمە شوێنت»

«رەنگە گریان و سکاڵا و پاڕانەوەی دایکم ناچاری کردووی»

لەپڕدا پیاوە پیرە گەرووی گەنجەکەی گرت و بەدارێکی تووەوەی نووساند. منداڵەکە زیقاندی و بەزۆری لرخەی هات. گەنجەکە منداڵەکەی لە باوەشیدا گوشی و گوتی:

«ئەوەیە بێ بەزەیی»

پیرە پیاو کە بەزیقەو گریانی منداڵەکە وەخۆ هاتبۆوە برێک هێوربۆوەو بەڵغەمی سینگی بەمانگەشەو داکرد.

«تۆ هەر لە منداڵیتەوە، لەو کاتەوە لە دایکبووی هارو بزۆز بووی»

سێبەری لاوەکە بەسەر حەریری مانگەشەودا خلیسکا:

«تۆش بەمنداڵی قەپاڵت لە مەمکی دایکت داوە!»

«درۆیە، لە کێت بیستووە؟»

«لە دایەگەورە»

«ئەو رەحمەتییە، زۆری درۆ دەکرد؛ بەڵام بەڕاستی تۆی زۆر خۆش دەویست. ئەو دەمەی لەبەندیخانەبووی، کارو پیشەی گریان بوو ئەو کاتەی گیانی دەدا هەرچاوی لە دەرکێ بوو بێیەوە، دواییش هەرچی کردمان نەمانتوانی چاوی لێکبنێین و... «دەی جا»

«بەناچاری هەر بەچاوی ئاوەڵاوە ناشتمان».

دەستی منداڵەکە، کە لە ئەستۆی باوی دابوو، شل بۆوە و کەوتە سەر سینگی کوڕە گەنجەکە. منداڵەکەیان لە پەنا رێچکەکە دانا. گەنجەکە گریان ئەوکی گرت و چاوی بڕییە رووخساری منداڵەکەو لەپڕدا هاواری کرد «بابە، کەیوان وەختە بخنکێ!» پیرە پیاو بەشڵەژاوی چاوی بڕییە رووخساری منداڵەکەو بەدەنگێکی کپ گوتی:

«وەی رۆۆڵە.... ئەوە...»

«ئەوە چییە باوکە؟»

«گەروە خڕەیەتی، منداڵەکەت بەدەستی خۆت کوشت، چارەڕەش»

گەنجەکە سەری نا سەر سینگی ساردو بێ دەنگی منداڵەکە:

«ئەمن کوشتم یا تۆ؟»

مانگ، دەشت و دارستانی توو، سەرانسەر لە خوێن گەوزیبوون.

**سەرچاوە:**

کتاب درشتی. نوشته
علی اشرف درویشیان. نشر چشمه.